

**{نیل بەسارای سیناوە} م خوێندەوە**
**منیش ئەو گەشتەم لەگەڵ کەریم کاکەکرد و**
**وەک وی، عێراقیبوون بە جمێن تێدەگەم...**

---

"نیل بە سارای سیناوە" گەشتنامەیەکی دی، ڕۆماننووسی قەڵاتێ، کەریم کاکەیە، گێڕانەوەیەک بە زێواترین شێواز وێنای ڕوباری نیلی کردوە و داهێنانی لە وشەسازی کردوە. گەشتنامەیەک، کە هیچی لە داڕشتنەکانی ئەحلام موستەغانمی، نووسەری وڵاتی جەزائیر و بەرهەمەکانی ڕەسوڵ هەمزاتۆڤی وڵاتی ڕوسیا کەمتر نییە.

نووسەر ئەم وشە نوێیانەی خستوەتە ناو وێژەی کوردییەوە:
بەرنامەی جێدێتنەوە، لێدەڕسکێ، لەبەرک، قووچەک و داڕسا و دەها وشەی ناسکی کوردی ڕەسەن.

ئەم بەرهەمە تژییە لە وێنەی جوان، وینەگەلێک ورتر لە کامیرا، فۆتۆی ئەو دیمەنانە دەدەنە خوێنەر و هەستێکی ئاسودەی پێ دەبەخشن:

# گۆی مەمکەکانی دەڵێی چلوورەی گوێسوانەن، تکە دەکەن، شەرم دەکەم ڕوی خۆم وەرگێڕم، ل ٦٩.

# پێش مزگەفتی حوسین دەڵێی عاشوورایە، تێکهەڵقژان و سینگکوتان و شین و واوەیلایە، گەیشتمە سەر دەرگا، دەبوو پێڵاو دابکەنی، ترسام لە گەڕانەوە پێخواس بمێنمەوە، سەری حوسێنم نەدی، ل ٧٢.

نووسەر سەرباری ئەوەی خەڵکی کوردستانە، وەلێ ئاشنایەتییەکیی تەواوی بە نیشتیمانی پیرعەونان ( مەبەستی فیرعەونان) هەیە و دەیەوێ لە نزیکەوە شینایی ئاوی نیل ببینێ و لە نهێنییە ڕەهاکانی تێبگا. نووسەر ئۆستایانە وشەکانی کردوەتە چەند ڕەنگێک و تابلۆی گەشتەکەی پێ ڕازاندوەتەوە، بگرە مەستبوونی خۆی تێکەڵ بە مەی دەکا تاکو فراوان ئەندیشەکانی ببنە ڕاستی و ئەو وێنانە بداتە خوێنەر، کە زۆر لە گەشتیار بە چرکاندنی کامیرا دەیگێڕینەوە. کاکە خامەکەمی خۆی کردوەتە کامیرایەک زیرەک و لە ماوەیەکی کورتدا ژیانی دەیان دیمەنی کۆن کارادەکاتەوە:

# ئێستا من بەبن، نەک بەسەر گۆڕی ئەو میسریانەوە لەبەری نیلەوە، بە پاسێکی ماندوو دەپەڕمەوە بەری سارای سینا، تۆ بڵێ گەشتێ لە ئەفریقاوە بۆ ئاسیا، ڵ ٨٦

ئیدی شاکاریی نووسەر لەوەدا دەردەکەوێ، کە بۆ هەموو دیمەنێ، وشەیەکی نازدار و نیانی هەیە، بۆنموونە ناڵێ، پاسێکی کەون و ژەنگاوی، ئێژێ پاسێکی ماندو(بروانە ل ٨٦)، ئەمەش خۆی لە خۆیدا لوتکەی داهێنانی خامەی کاکەیە. ئێ لە ڕۆمانی گوڵەستێرەکانیشدا، هێندە جوان باسی بەردی سەر ڕێگەکانی قەندیلی کردوە، لە وێناکردنا هەموویانی نەرم کردوون و مرۆ ئارەزووی دیتنیان دەکا.
ئەو کاف کافە (کەریم کاکە) هێمنە لەسەرەخۆیە، وەکی ڕوباری نیل، پێچەوانەش بێ، دنیایەک گەوهەری مێژوویی و فەرهەنگی لە نووسیندا ئەنبارکردوە. پێشتریش گوتومە، نهاش دەڵێم: گیتییەکی مەزنی زمانی کوردییە و فراوانێک، هەنووز پەییان پێ نەبردگە:

# نیکوسم بیرکەوتەوە، ئەگەر چارەکێکیترم هەڵدابا، نەختێ خەیاڵتربام، دوور نەبوو، دیداری سەر توور، هی خودا و مووسام دیتبا( ل ٩٤)!

کاف کاف( کەریم کاکە) ئوستادی سەربردەی گێڕانەوەیە، ئۆستایەک، چوون هەورامییەکانی کۆساران، بە شانان بەردی وشە دەهێنێ و ڕستەی جوانی لێ دروستدەکات:

# ژنەی چاوگۆمی شینێ، تۆ بڵێی چاو نیلی، وا تێبگەم هەستیکرد، کەوتوومەتە ناو چاوەکانی، بۆ دڵڕاگرتنم ڕوی لێم وەرنەدەگێڕا..(ل ١٠١).

کاکەش وەک تاتەم( ڕەشید هەورامی، بروانە هەگبەیەکی کۆساران) دەیگو، ئەوەی لە جوانی و ئەوینی ئافرەت تێ نەگا، ئەوینی نیشتیمانیش نازانێ.
لە کۆتاییدا، بەشەکانی دی وێناکردنی ئەم بەرهەمەی کاکە{نیل بەسارای سیناوە} جێدەهێڵم بۆ خوێنەران، تاکو بەخۆ، منەی جوانییەکانی نیل و وشەسازی و کارامەیی کاف کافیان بۆ دەرکەوێ.
وەک تێبییەک، پێشنیار بۆ کاکە دەکەم، لەبەرهەمە داهاتووەکانیدا، فەرهەنگۆکێک بۆ وشە نوێیەکان دابنێ. ئەوە پێویستییەکە بۆ ئاشنابوونی خوێنەر، بە دیرۆکی زمانی کوردی.

ئاسۆ بیارەیی
٥ی جەنیوەری ٢٠٢٠